# عارەب عوسمان بەرەو ئەڵمانیا دەچێ

پارساڵ هونەرمەندی ناسراوی کورد عارەب عوسمان گەشتێکی هونەری بەرەو فەڕەنسا و سویسڕا و بەلژیکا و ئوسکوتلەندا سازداو لەو وڵاتانەدا چەندین کۆنسێرتی بە جۆشی بە هاوکاری مۆسیقای رەسەن پێشکەشکرد، ئێستاش عارەب عوسمان خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی هونەری بەرەو ئەڵمانیا، بە هاوکاری لەگەڵ 29 هونەرمەندی دیکەی تیپی نەتەوایەتی هونەرە میللییەکانی شاری هەولێر بەسەرپەرشتی هونەرمەند شێرزاد سەرسپی.. لەم گەشتەدا عارەب عوسمان چەند کۆنسێرتێکی گۆرانی پێشکەش دەکات

